# دەشنێ"لەنێوان فڕاندن و نە فڕاندندا"

**دەشنێو کەسوکارەکەی جەغت لەوە دەکەنەوە کە بۆ ماوەی بیست دەقیقە لەچوارتاوە بەرەو سەرسیری رفێنـــدراوەو ســـەرچاوەیەکیش لەئاسـایش نکوڵـی لـەڕوودانی کارێکی بەوجۆرە دەکات.**

**ئا: شەدە**

دەشنێی تەمەن ١٦ ساڵ ئاماژە بەوە دەکات کە دەمەو ئێوارەیەکی کۆتایی مانگی رابردوو لەکاتێکدا کە لەحەوشـەی ماڵەوەیانـدا سـەرقاڵی دەستشـۆرین بـووەو خێزانەکەشـی لەژوورەوە لەسەر خوانی ئێوارە بوون، سێ کەسی لێپەیدا بووە کە روخساریان دەمام کردووەو یەکێکیان بەپرتاو دەمی گرتووەو باوەشی پیاکردووەو ئەوجا بەهەرسێکیان بردوویانە خستویانەتە ناو ئوتومبێلێکی ڕەشەوە، دەشنێ دەڵێت "لەئوتومبێلەکەدا نەیاندەهێشت سەر بەرز بکەمەوەو تا بزانم کێن‌و بەرەو کوێم دەبەن، هەرئەوەندە دەزانم کە زۆری نەخایاند لەماڵێک دایانبەزاندم، ئەوکات دەموچاوی یەکێکیانم بینی ئێستا بیبینم دەیناسمەوە".

ماڵی دەشنێ کە دەکەوێتە نزیک بازاڕی چوارتاو فەرمانگەی ئاسایش‌و پاسەوانی سەر سنوور، ماڵێکی پەرپووت‌و لەچاڵیدایە دەبێت ریزێك قادرمە ببڕیت بەر لەوەی بچیتە بەردەرگای ماڵەکەیان کە بێ دەرگایەو تەنها کەلێنێك کراوەتە دیوارێکی بەردینەوە بۆ چوونە ناو حەوشەکەیانەوە، لەهەردوو بەری حەوشەکەشیاندا کۆمەڵێك بەرد لەسەر یەك خڕ کراونەتەوەو کە شێوەی ئەشکەوتێکی وەرگرتووە دەروازەی تەوالێت‌و گەرماوەکەشیان بەلەوحێکی گەورە گیراوەو بەدار و نایلۆنیش سەرەکەی گیراوە، کە دەچیتە ژوورەوە تەنها دالان‌و ژوورێکی تاریك‌و دارووخاوە کە خێزانێکی پێنج کەسی تیا دەژین.

عەتا حەمە سەعیدی باوکی دەشنێ کە لەناوەڕاستی تەمەندایەو کارکردن شەکەت‌و ماندووی کردووەو داڵغەو مەراقی ئەم رفاندنەش هێندەی تر وەڕس‌و بێتاقەتی کردووە، کاتێك سەبارەت بەرووداوەکە دەدوێ دەکەوێتە فرمێسك هەڵرشت دەڵێت "ئێوارەی ٢٨ /٢٠٠٦/٥ لەماڵەوە بووین نانمان دەخوارد دەشنێی کچم نانی خوارد و چوە دەرێ دەست بشوات پاش کەمێك کچە بچکۆلەکەی ترم ئەویش چوو دەست بشوات هاتەوە ژورەوە ووتی باوکە دادە دەشنێ لەدەرەوە نیە".

بەلای باوکی دەشنێیەوە ئەمە ساتەوەختێکی خەفەتهێن بووە کە کچەکەیان لەناکاو دیار نامێنێ‌و ئیتر لەوە بەدوا کەوتونەتە سۆراغ کردنی، بەڵام کە نایدۆزنەوەو پەیبەوەدەبەن کە شتێك روویداوە، ئەو دەڵێت "گرفتەکەمان ئەوەیە کە هەر لەگەڵ تاریکی داهاتندا بەهۆی بێ دەرگاییو تاریکی خانوەکەمانەوە ترس‌و خۆ فمان لێدەنیشێت".

هەر لەو کاتەدا باوکی دەشنێ دەستبەجێ ئاسایش ئاگادار دەکاتەوەو ئەوانیش لەماوەی بیست دەقیقەدا کچەکەی بۆ دەدۆزنەوە. ئەو تەئکید لەوە دەکاتەوە کە کچەکەیان رفاندووەو پاشان لەترسی ئاسایش ئازادییان کردووە.

دەشنێش بەهەمانشێوە سوورە لەسەر ئەوەی کە رفێندراوە بەو مەبەستەی لەبەرامبەر ئازادکردنییدا پارە لەباوکی بسەنن‌و کاتێکیش رفێنەرەکانی لەرێگەی تەلەفۆنەوە پێیانوتراوە ئاسایش بەدوایاندا دەگەڕێ، لەترس‌و ناچارییدا بەرەڵایان کردووەو دەڵێت"دوای بیست دەقیقە دیسان خستمیانەوە ناو ئوتومبێلەکەوەو لەسەر بەرزاییەکانی چوارتا رایانگرت‌و وتیان دابەزە، منیش بەپەلە بەدەم هاوارەوە رام کردو تا سێ پیاوم بەدی کرد لێیان نزیك بومەوەو وتم فریام بکەون هەر لەو کاتەشدا ئاسایش گەیشتە ئەوێ‌و منیان بردەوە بۆ ماڵی خۆمان".

هەر هەمان شەو ئەو رووداوە بەهەموو چوارتادا بڵاودەبێتەوەو دەیان گێڕانەوەی جیاوازی لەلایەن خەڵکەوە بۆ دەکرێت، دراوسێیەکی ماڵی دەشنێ دەڵێت "دەشنێ کچێکی عاقڵ‌و بێدەنگەو پێم سەیرە ئەم هەموو قسەو قسەلۆکە دەربارەی ئەم کچە منداڵ‌و ماڵە دەکرێت، کە هێشتا لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بەردەوامە".

بەڵام کەسێك کە نەیویست ناوی خۆی بڵێت بەرێوانی راگەیاند کە "ئەو رۆژەی دەشنێ دیار نەماوە بۆ ئێوارەکەی لەسەیرانگای سەرسیر بەتەنیا لەئاهەنگێك بەشداریی کردووە بێ ئەوەی کەسێك لە ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵدا بێت".

ئەو کەسە باس لەوە دەکات کە لەدەمەو ئێوارەدا کاتێك میوانە بانگهێشتکراوەکان بەئوتومبێل براونەتەوە ماڵی خۆیان، دەشنێ بەتەنیا ماوەتەوەو سواری ئوتومبێلێکی رەش دەبێت کە سێ پیاوی تیا دەبێت لەترسی ئەوەی ماڵەوەشیان لێی تورە نەبن لەبەرزایەکەی چوارتا دادەبەزێت‌و دەستدەکات بەقیژەقیژو دواتر ئاسایش دەیبەنەوە". ئەو باسی لەوەش دەکرد کە ئەوەندەی ئاگادارە دەشنێ لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەو رووداوەی بە چەند جۆرێك گێڕاوەتەوە و زانیاری ئاشکرای نەداوەتە لێکۆڵەرەوەکان.

سەرچاوەیەکیش لە ئاسایش ووتی"حاڵەتی فڕاندن لە کوردستاندا زۆر دەگمەنە بەتایبەت لە هەندێ ناوچەدا بۆ نموونە چوارتا کە ئاسایش بە تەواوی رۆڵی خۆی بینیوە، ئەو شەوە کە ئاگادار کراینەوە رێگە سەرەکیەکانمان گرت‌و پاش نیو کاتژمێر لەسەرو ماڵی عەتاوە دەشنێی کچی دۆزراوەتەوە وزۆر شپرزە بووە"

سەرچاوەکە لە درێژەی قسەکانیدا وتی"ئەوان دەعوایان لەسەر کەس نییەو کاتێکیش لێکۆڵینەوە دەستی پێ کرد و دەشنێمان بانگ کرد، ئەو ناوی کەسێکی برد گوایە ناسیویەتییەوە ئێمەش ئەو گومانلێکراوەمان دەستگیر کردو سەلماندنی کە لەو کاتەی رووداوەکەی دەشنێدا لە شوێنێکی تر بووە".

پاشان سەرچاوەکە بەگومانەوە باس لەچۆنیەتی ئەو رووداوە دەکات‌و دەڵێت "هیچ رفاندێك لەماوەی ٣٠خولەکدا نادۆزرێتەوەو تا ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە".

باسکردن لە هەڵسوکەوتی دەشنێ وەك کەسێکی ناپەیوەست بە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان وەك بوەتە وێردی سەرزمانی خەڵکی سادە وبێ‌ڕەحمانە حوکم لەسەری دەدەن هاوکات لەزاری یەکێك لە کاربەدەستانی ناوچەکە بەهەمان شێوە ودور لە ویژدان داباریە سەر دەشنێو خێزانەکەی ووتی "پێ‌دەچێت دەشنێ دۆستی هەبێت و شەوانە سەردانی کات لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاگای لەماڵ و منداڵەکەی نیە"

بەڵام باوکی دەشنێ جەغت لەرفاندنی کچەکەی دەکاتەوەو دەڵێت "من نازانم کێ ئەمەی بەسەر هێناوم، نەدوژمندارم‌و نەناحەزی کەسێکیشم، ئەم رووداوە ئێستا هەموو بیروهۆشی داگیر کردووم‌و چیتر ناتوانم وەك جاران بچمە سەر ئیش‌و کارەکەم چونکە بەردەوام لەدڵەڕاوکێ دا دەژیم نەبادا بچنەوە سەرماڵ و منالەکەم‌و شتێکیتر رووبدات".


دەشنێ لە حەوشەکەی خۆیاندا

---

## (س)ی خوشکەزای..

# ئەو زاڵمە ئەوەی بە ئێمە کردو پێشتریش دوو براو براژنی خۆی کوشتووە

**هانا شوان**

شێخە پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانەیە لەدایکبووی پەنجاکانە، ٤ منداڵی هەیەو باس لەوە دەکرێت کە پێشتر دوبراو براژنێکی خۆی کوشتووە، ئەو لەسەر گەواهیدانی زاوایەکی ماوەی زیاد لە ١٠ رۆژە لەزینداندایە، زاواکەی باسی لەوە کردوە کە شێخە کچەکەی خۆی کوشتووەو سوتاندویەتی‌و ویستویەتی هەڵبێ بەرەو هەولێر، بەڵام رۆژێك پێش ئەوە زاواکەی دەچێتە سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان و باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە ئەو تەرمەی سوتێنراوەو دۆزراوەتەوە تەرمی (ش)ەو کچی شێخەیەو باوکی کوشتویەتی، بەرپرسی سەنتەر پەیوەندی دەکات بەبەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیەوەو لەو ساتەوە ئیجرائات دەست پێدەکات، (شێخە) دەستگیر دەکرێت، هەروەها زاواو خوشکەزایەکیشی، شێخە زۆر بەهێمنی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوەو نکوڵیشی لەوە نەدەکرد کە (ش)ی کچی کوشتووە وتی "٧ مانگ لەمەوبەر (ش)م دا بەکوڕێك، دواتر زانیم کەسێکی بەدڕەوشتە، ئەو بازرگانی بەکچەکەمەوە دەکردو خەڵك بۆیان باس دەکردم، منیش کچەکەم لێسەندەوە" (ش) کچێکی تەمەن (٢٢) ساڵ بوو، هاوسەرەکەی خۆشدەویست، هەر بۆیە بڕیار دەدات ماڵ بەجێبهێڵێ‌و بچێتەوە لای هاوسەرەکەی، "کچەکەمی تەڵاقدابو، بەڵام دیار بو قەناعەتی پێکردبوو لەگەڵی بڕوات، بەیانییەك (ش) ی کچم دیارنەما".

(ش) لەگەڵ هاوسەرەکەی دەڕوات‌و ئەویش دەیباتە موسڵ‌و بەغدا، شێخە زۆر هەوڵ دەدات کچەکەی بدۆزێتەوە ئەنجامی نابێت تا ئەو رۆژەی دوژن تەلەفۆن بۆ ماڵی شێخە دەکەن دەڵێن ئێمە شوێنی هەردوکیان دەزانین، شێخە دەڵێت " دو ژن تەلەفۆنیان کردو وتیان ئێمە ناسیاوی زاواکەتین بەمەرجێ دەهێڵین کچەکەت بێتەوە، دەبێت لێی مارە بکەیتەوە، منیش وتم باشە بیهێننەوەو شەممە وەرن مارەی بکەنەوە" شێخە بیر لەوە دەکاتەوە کە کچەکەی هاتەوە قەناعەتی پێبکات نەچێتەوە لای مێردەکەی دەشێزانی هاوسەرەکەی خۆش دەوێ، بەڵام ئەو سود لەخۆشەویستی‌یە وەردەگرێت‌و بازرگانی بەجەستەیەوە دەکات "قسەم لەگەڵ کرد قەناعەتی نەکردو وتم با بیبەمە دەشت " نهێنی رازی بونی (ش) بۆ ئەوەی لەگەڵ باوکیدا بچێتە دەشت‌و قسە بکەن‌و گومان نەکردنی لەوەی باوکی دەیەوێت بیکوژێت، پێدەچێت وەك جەستەی (ش) هەر بە شاردراوەیی بمێنێتەوە" لەنزیك کۆیە دامبەزاندو لەچاڵاییەکدا دو فیشەکم پێوە نا، زاواو خوشکەزاکەشم وتیان با بیسوتێنین نەوەك لە TVپیشانی بداو بناسرێتەوە".

(ڕ) ئەو کوڕە گەنجەیە کە زاوای شێخەیەوە مێردی خوشکی کوژراوەکەیە ئەو جەخت لەبێتاوانی خۆی دەکاتەوەو روداوەکەش بەشێوەیەکی تر باس دەکات.وتی "رۆژی هەینی هاتن بەشوێنماندا وتیان دەچین بۆ پیاسە کە چوینە ماڵی خەزورم لەوێ خەزورم باسی لەوە دەکرد کە (ش)ی نەجات داوە من‌و ژنەکەم بەهیچ شێوەیە باوەڕمان نەکرد ئینجا خەزورم وتی بکەوینە رێ دەچینە پیاسە بەرەو کۆیەو مەیتەکەش دەسوتێنین، من هەر بڕوام نەدەکرد "بەدرێژایی رێگاکە (ڕ) نەیتوانی لەو ترسە گەورەیە دەربازبێ‌و قەناعەتیش بەوە بکات کە ئەوان ناچن بۆ سەیری مەیت "لەچاڵاییەك نزیك بوینەوە خەزورم بەخوشکەزاکەی وت دابەزە بزانە مەیتەکە لەوێ ماوە، هاتەوە وتی لەوێ ماوە، وتی هەردوکتان دەبێ بیسوتێنن لەژێر هەڕەشەی دەمانچەی ئەودا (س)ی خوشکەزای بانزینەکەی پیاکردو دارەکەشی لەدەست من وەرگرت‌و هەڵیدا بۆ مەیتەکەو گڕی لێبەرزبۆوە" (لەکاتی کڵپەکردنی مەیتەکەدا شوانێك دەیبینێ‌و هەر ئەویش پۆلیسی کۆیە ئاگاداردەکاتەوە) ئیدی دوای سوتاندنی مەیتەکە دەچن بۆ نان خواردن، بەڵام (ڕ) ترس دایگرتووەو هەستی بەدەوروبەر نەماوە لەگەڕانەوەدا شێخەی خەزوری پێیان دەڵێت "ئەوەی قسە بکات وەك (ش) ی لێدەکەم" (ڕ) لەماڵی شێخە بەهێواشی پرسیاری لێ دەکات دەڵێت بۆ کوشتت، شێخەش بەزاواکەی دەڵێت "تۆ نازانی شت هەیە تۆ نایزانی ئەو سەری دەکردم بەقوڕا گەر نەمکوشتایە".

(ڕ) پاش چەند رۆژێك هەست بە جموجوڵێك دەکات لەماڵی خەزوریداو گومانی ئەوە پەیدا دەکات کە ماڵی خەزوری دەیانەوێت بەرەو هەولێر هەڵبێن بەهەلی دەزانێت‌و رودەکاتە سەنتەری راگەیاندن‌و روناکبیری ژنان‌و ئاگاداریان دەکاتەوە و ئەو هەواڵدانە هاوکاری دەکات لەوەی ئەو تاوانە ئاشکرا ببێت ،(س) خوشکەزای شێخەیە وەك خۆی باسی دەکات دو براو خوشکێکن هەر لەمنداڵیەوە دایك‌و باوکیان نەماوەو شێخەش بەکەسێکی زاڵم وەسف دەکات‌و دەڵێت "هەر لەمنداڵیەوە چاو ترسێنی کردبوین" ئەو پێشمەرگەی یەکێك لەپارتە کوردیەکانە‌و منداڵێکی هەیە، ئەو لەو کاتەوەی خۆی تەسلیم کردبوو دەیزانی کە خاڵی کارێکی سەختی پێکردبووەو لەوانەشە سزاکەی ئێجگار قورس بێت کە باسی منداڵەکەشی دەکرد دەگریاو وتی "رۆژی روداوەکە من‌و خاڵ‌و خاڵۆژنم و (ش) بوین بچین بەرەو هەولێر خاڵم بە منی وت سەیارە تەحویل ئەکەم، وەرە لەگەڵم‌و خاڵۆژنیشم وتی برام نەخۆشەو کەوتینە رێ ئەو چاوەکانی دادەخست‌و دەیویست لەگەڵ گێڕانەوەی روداوەکە لەوێنەکانی دەوروبەر دابېڕێت هەروەك چۆن ئەو تاوانە لەژیانی ئازادو خێزانەکەی دایبڕی "لەرێگا خاڵۆژنم‌و (ش) بەرەو چاڵاییەك رۆیشتن دوایی خاڵۆژنم هاتەوەو چو بەرەو چاڵاییەکەو گوێم لەدەنگی دوو فیشەك بوو، ئەو هەڕەشەی لەمن کردکە قسە نەکەم بەرەو ماڵی (ڕ)ی زاوای گەڕاینەوە بۆ سلێمانی" (س) درێژە بەگێڕانەوەکەی دەداو دەڵێت "خاڵ‌و خاڵۆژنم لەناو سەیارەکەدا باسیان لەوە دەکرد کە بانزین بکڕن‌و تەرمەکە بسوتێنن بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، من نەمدەزانی بۆچی خاڵۆژنم ئەوەندە بەخاڵمی دەوت بانزینەکەت بیر نەچێت". وتیشی "ئەو زاڵمە ئەوەی بە ئێمە کردو پێشتریش دوو براو براژنی خۆی کوشتووە".

هەروەها دەڵێت "پاش ماڵی (ڕ) چوینەوە بەرەو مەیتەکەو لەڕێگا بانزینی کڕی‌و کاتێ گەیشتینە نزیك تەرمەکە بەمن‌و (ڕ)ی وت دابەزن‌و بیسوتێنن، من بانزینم پێداکردو (ڕ) ش ئاگرەکەی بۆ هەڵدا".

(ك) ژنێکی بەتەمەنی خەڵکی هەولێرەو ماوەی چەند ساڵێکە بەخێزانەوە لێرە نیشتەجێن، (ك) دایکی کوژراوەکەیەو هاوسەری شێخەیە، ئەویش بەگومانی بەشداربوونی لەو تاوانەدا دەستگیرکراوە، بەڵام سورە لەسەر ئەوەی ئاگای لەروداوەکە نییەو دەڵێت "تا ئەو کاتەی ئاسایش شێخەی بردو منیان هێنا بۆ ئێرە، نەمدەزانی (ش) ی کچم کوژراوە".

بێگومان یەکلاییکردنەوەی جۆری تاوانەکەو دەستنیشان کردنی ئاستی بەشداربوونی کەسەکان لەتاوانەکەدا دەبێت لەلایەن دەزگایەکی وەك ئاسایش یان پۆلیسەوە بێت، سەرچاوەیەك لەئاسایشی سلێمانی سەبارەت بەو تاوانە بە (ڕێوان)ی راگەیاند:

"لەمانگی (٥) ەوە ئاگادارین کە تەرمێك بەسوتاوی دۆزراوەتەوە لەبەر ئەوەی نەناسراوەتەوە براوە بۆ مەیتخانە، لەو کاتەوە ئێمە بەدواداچونمان دەستپێکرد، لەو ڕوانگەیەشەوە کە کەس نەهات لەو مەیتە بپرسێ، یان کەس نەبوو بڵێ کەسێکم دیار نەماوەو تەرمەکەش سوتێنراوە، گومانی ئەوەمان لەلا پەیدا بوو کە کەسوکاری کوشتویەتی، رۆژی ٢٠٠٦/٦/١ سەنتەر پاش ئەوەی لەهەواڵەکە ئاگاداری کردبوین، کوڕێکی نارده لامان کە ئاگاداری روداوەکە بووەو بکوژو کوژراوەکەی دەناسی". ئەو کوڕە (ڕ)ی زاوای شێخە بوو کە لەلای سەنتەر باسی لەچۆنێتی تاوانەکە کردبوو، ئاسایش جگە لەدەستگیرکردنی باوکی کوژراوەکە (ڕ)ش دەستگیر دەکات‌و سەرچاوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە تا ئێستا گەیشتونەتە ئەوەی (شێخە) کچەکەی خۆی کوشتووەو زاواو خوشکەزاکەشی ناچارکردووە تەرمەکە بسوتێنن. سەرچاوەکە سەبارەت بەگرتنی دایکی کوژراوەکە دەڵێت "دایکی (ش)مان دەستگیرکردووە چونکە شاهید هەیە کە ئەو بەشدارە لەتاوانەکەدا بەڵام نکوڵی لێدەکات‌و هەموویان بەماددەی ٤٠٦ گیراون بەڵام لەئایندەداو پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوە بێگومان سزاکان جیاوازی هەیە".